وەزارەتی پەروەردە

## بەیانی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٥

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی ٢٢/ بڕگەی ٣ ) لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی هۆبەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان / هەولێر/ دهۆك / سلێمانی/گەرمیان بەناوی ( هۆبەی قوتابخانە ئیسلامییەکان ) بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان.
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٧.

## بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٥

- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەك بەناوی ( بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ئیسلامی ) لە دیوانی وەزارەت سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەرەتی و باخچەی منداڵان بێت .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١١/١٢.

## بەیانی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٥

دوابەدوای بەیانمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی ٢٢/ بڕگەی ٣ ) لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی ( پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی ) لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای ئامێدی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/١.

د. پشتیوان صادق عبداللە
وەزیری پەروەردە

---

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

## بەیانی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٥

پاڵپشت بە بڕگە دووەی ماددەی شەشەم لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) وە لە بەر پێویستی کار بڕیارماندا بە:-

١- کردنەوەی تێبینەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ناحیەی سەلاحەددین ( پیرمام )

٢- ئەم تێبینەرایەتیە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شەقڵاوە دەبێت لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر ٠

٣- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێ لە بەرواری دەرچوونیەوە٢٠١٥/١٢/١٤ ٠

د. پشتیوان صادق عبداللە
وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت